## زانیاریی کۆچ و ڤیزا بۆ قوربانیانی توندوتیژیی کەسی و سێکسی

توێژەر و قوتابیانی نێودەوڵەتی کە پرسیاریان دەربارەی دۆخی کۆچ و ڤیزاکەیان هەیە باشترە لە ڕێگەی پارێزەرێکی بواری کۆچ هاوکاری وەربگرن.  ئەم بەڵگەنامەیە تەنها ڕونکردنەوەی چەند لایەنێکی یاساکەیە، بەڵام ناتوانێت شوێنی ڕاوێژی یاسایی بگرێتەوە.

**من قوربانیی هێرش و سوکایەتیم، ئایا دۆخی کۆچەکەم کاریگەری لەسەر توانای من هەیە بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی ناوکامپ؟**

نەخێر. بەپێی یاسا، ئەو قوتابی و ستافەی ڕزگاربوو یان  قوربانیی لە کارێکی توندوتیژیی کەسی و سێکسین بەپێی Title IX-ی ساڵی ١٩٧٢ی هەموارەکانی پەروەردەیی (Title IX) و یاسای توندوتیژیی دژی ژنان (VAWA) هەمان مافیان هەیە، بەبێ گوێدان بە دۆخی کۆچ و ڤیزا.

دەتوانیت زانیاری دەربارەی سەرچاوە پزیشکی و ڕاوێژکارییەکانی ناوکامپ بزانیت لە ڕێگەی: https://www.tntech.edu/healthservices/

بۆ دەستکەوتنی زانیاری دەربارەی یاساکانی پرۆسەی ڕەوشت، سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: https://www.tntech.edu/policies/

لە بەرامبەر گەیاندنی ڕاپۆرتی تاوان، کۆلێژ مامەڵەیەکی جیاوازت لەگەڵ ناکات و تۆڵەت لێ ناکاتەوە.

**دەتوانم غەرامەی(بڕی سەرپێچی) تاوان بسەپێنم وەک کۆچبەرێکی تۆمارکراو یان تۆمارنەکراو؟**

بەڵێ.  بۆ دەستکەوتنی زانیاری دەربارەی پێناسەی تاوانی دەستدرێژیی سێکسی، توندوتیژیی خێزانی، توندوتیژیی لە کاتی ژوان، هەراسانکردن لە ویلایەکەی خۆت، سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە بۆ بینینی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاسایش: https://www.tntech.edu/police/annual-security-report

دەتوانن پرسیاری دیاریکراو دەربارەی پڕکردنەوەی غەرامە بنێرن بۆ:


Zeva Edmondson, Title IX Office
1 William L. Jones Dr., Derryberry Hall 256, Cookeville, TN 38505
931-372-3112
https://www.tntech.edu/titleIX
zedmondson@tntech.edu


**هیچ حاڵەتێکی دیاریکراو بۆ دۆخی ڤیزا و کۆچی ئەو کەسانە هەیە کە قوربانیی تاوانەکانن؟**

بەڵێ. بۆ قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی، توندوتیژیی خێزانی، توندوتیژی لە کاتی ژوان و هەراسانکردن، لەوانەیە بژاردەی ڤیزا بەردەست بێت، وەک ڤیزای U و T. بۆ وردەکارییەکان، قسە لەگەڵ پارێزەرێکی بواری کۆچ بکە.

| ڤیزای T | ڤیزای U |
|---|---|
| بۆ قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ<br>- دەبێت گوێڕایەڵ بێت بۆ داواکارییەکانی هێزەکانی پۆلیس بۆ هاوکاریکردن و لێکۆڵینەوە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی دژی ئەو بازرگانیە، مەگەر ئەوەی لە حاڵەتی کۆستی دەروونی و جەستەیدا بێت و نەتوانێت هاوکاری بکات، وە دەبێت ئەوە بسەلمێنێت کە قوربانییەکە/پێشکەشکارەکە تووشی نارەحەتی دەبێت ئەگەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەرکرا<br>- بە گشتی بۆ چوار ساڵ کاری پێدەکرێت<br>- بۆ زانیاریی زیاتر، ڕاوێژ بە پارێزەرێکی بواری کۆچ بکە، یان تەماشای ئەم ماڵپەڕە بکە:<br><br>http://www.uscis.gov/humanitarian/victims-human-trafficking-other-crimes/victims-human-trafficking-t-nonimmigrant-status | بۆ قوربانیانی سوکایەتی بەرچاوی جەستەیی و دەروونی لە ئەنجامی چالاکیی تاوانکارانە، وەک سوکایەتیی سێکسی، توندوتیژی خێزانی، دەستدرێژی و تاوانە هاوچەشنەکان<br>- قوربانیان/پێشکەشکاران (قوربانیدەر/پێشکەشکار) دەبێت قوربانیی چالاکیەکی بەرچاوی تاوانکارانە بن و یارمەتیدەرین بۆ لێکۆڵینەوە و/یان گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی دژی ئەو چالاکیە تاوانکارانە<br>- بە گشتی بۆ چوار ساڵ کاری پێدەکرێت<br>- بۆ زانیاریی زیاتر، ڕاوێژ بە پارێزەرێکی بواری کۆچ بکە، یان تەماشای ئەم ماڵپەڕە بکە:<br><br>http://www.uscis.gov/humanitarian/victims-human-trafficking-other-crimes/victims-criminal-activity-u-nonimmigrant-status/victims-criminal-activity-u-nonimmigrant-status |

**هیچ نوسینگەیەک لە ناوکامپ هەیە زانیاری زیاترم پێبدات؟**

،
، ،

نوسینگەی خزمەتگوزاریی توێژەر و قوتابیە نێودەوڵەتیەکان دەتوانێت زانیاری بەسوود دەربارەی دۆخی کۆچ پێشکەش بکات. ئاگاداربە بۆ ئەو پرسیارانەی پەیوەندیان بە گۆڕانکارییەکانی تری دۆخی ڤیزا، یان ئەو بژاردانەوە هەیە کە دەکەونە دەرەوەی ستانداردەکانی F-1 و J-1-ی ڤیزای قوتابیان یان کارمەندە سپۆنسەرکراوەکانی کار، دەبێت ڕاوێژ بە پارێزەرێکی لێهاتووی بواری کۆچ بکەیت.

| بژاردەکانی ڤیزا |
|---|

SUNY The State University of New York

| | |
|---|---|
| F-1 و J-1 -ی قوتابیان<br>• پەسەندکردنی بژاردەی کەمکردنەوەی بڕی کۆرسەکە بەهۆی دۆخی تەندروستیەوە، بەمەرجێک لە لایەن پزیشکی دەسەڵاتپێدراو، پزیشکی ئێسک یان پزیشکی دەروونی پشتڕاستکرابێتەوە<br>• بژاردەی کشانەوە، وە دەرئەنجامەکانی کشانەوە، لە پرۆگرامی ئەکادیمی<br>• ئەگەر قوتابیەکە بڕیاریدا بکشێتەوە، زانیاری پێدەدرێت سەبارەت بە چۆنێتی گەڕانەوە بۆ پرۆگرامە ئەکادیمیەکە<br>• بژاردە و دەرئەنجامەکانی هاوەڵیکردنی هاوسەر<br>• زانیاریی گشتی دەربارەی  بژاردەکانی گۆڕینی دۆخی ڤیزا.<br>• زانیاریی گشتی دەربارەی ڤیزای U و T. (بە گەڕانەوە بۆ پارێزەرێکی لێهاتووی بواری کۆچ)<br>• گەڕانەوە بۆ پارێزەرێکی لێهاتووی بواری کۆچ | H-1B، O-1 ، یان کارمەندانی  TN<br>•  کۆچەکت بژاردەی وەرگرتنی مۆڵەتی کار، وە دەرئەنجامەکانی لەسەر دۆخی<br>• بژاردە و دەرئەنجامەکانی هاوەڵیکردنی هاوسەر<br>زانیاریی گشتی دەربارەی  بژاردەکانی گۆڕینی دۆخی ڤیزا. بە گەڕانەوە بۆ • پارێزەرێکیلێهاتووی بواری کۆچ<br>• زانیاریی گشتی دەربارەی  T  و U ، ( بە گەڕانەوە بۆ پارێزەرێکی لێهاتووی بواری کۆچ)<br>• بە گەڕانەوە بۆ پارێزەرێکی لێهاتووی بواری کۆچ<br>(گرین کارد هێشتا پەسەند نەکراوە)• مۆڵەتی هەمیشەیی هەڵپەسێردراوی ئەمەریکا ڕیگەریەکانی جێهێشتنی کار لەسەر داواکاری هەڵپەسێردراوی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی • ەمیشەیی بۆ کارمەندانی سپۆنسەرکراو<br>• گەڕانەوە بۆ پارێزەرێکی لێهاتوو |

**پارێزەری کۆچ چیە و دەتوانن چی بکەن؟**

پارێزەری کۆچ ئەو پارێزەرانەن کە مۆڵەتیان پێدراوە و پسپۆڕیان لە بواری یاساکانی کۆچدا هەیە. وەک داکۆکیکاری بریکارەکانیان کار دەکەن، وە دەتوانن لە بەردەم ئاژانسەکانی کۆچدا نوێنەرایەتیان بکەن، هەروەها دەتوانن لە هەردوو دادگای کۆچ و پڕکردنەوەی داواکاری بۆ یارمەتیەکانی کۆچ نوێنەرایەتیان بکەن. ئەم پارێزەرانە دەتوانن زانیاریی گشتیی بدەن و بژاردەکانی کۆچ بەربژێر بکەن. وەک هەموو پارێزەرەکانی تر، پارێزەرەکانی کۆچ پابەندن بە بنەما ئەخلاقی و یاساییەکان، وە نهێنیەکانی بریکارەکانیان دەپارێزن.

**لە کوێ دەتوانم پارێزەرێکی کۆچ بدۆزمەوە؟**

| | |
|---|---|
| خزمەتگوزاریەکانی کۆچ و هاوڵاتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان (USCIS)، نوسینگەی بەشی ئاسایشی ناوخۆ (DHS)، دوو ماڵپەر دەخەنە بەردەست بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن نوێنەرایەتی یاسایی بێبەرامبەر یان هەرزان بەدەستبهێنن: | |
| USCIS: پەرەی بەدەستهێنانی یارمەتیی یاسایی | USCIS: پەرەی بەدەستهێنانی یارمەتی لە کۆمەڵگاکەت |
| دەستەی پێداچوونەوەی کۆچ (BIA) بەپێی ویلایەت لیستی کۆمەڵێک پارێزەر دەخاتەڕوو کە خزمەتگوزاریی کۆچ بە خۆڕایی یان بە نرخێکی هەرزان پێشکەش دەکەن | |
| کۆمەڵەی پارێزەرانی کۆچی ئەمەریکی (AILA) خزمەتگوزاریی سەرچاوەی پارێزەریی کۆچ بە ڕێگەی ئۆنلاین پێشکەش دەکەن کە دەتوانێت یارمەتیی قوتابیان یان توێژەران بدات بۆ دۆزینەوەی پارێزەری کۆچ | |
| کۆمەڵەی  باری ئەمەریکیش زانیاری پێشکەش دەکات بۆ دۆزینەوەی خزمەتگوزاریی یاسایی بەپێی ویلایەت | |